## ئەمپلی فایریێ



ئەمپلی فایەرەکان قەوار و سـایزەکانیان زۆر گەورەیـە، ئەگەر رۆژێك بڵێن ئەمپلی فایرێك بەقەد مۆبایلە رەنگە سـەرتان سورِ بمێنێ، چونکە قەوارەی زۆر لە ئەمپلی فایەرەکان زۆر گەورەیە و کێشێکی زۆریان هەیە. ئەمپلی فایری جۆری Geek out V2 کـە بە هۆی پۆرتی USB بـە کۆمپیوتەر یان مۆبایل پەیوەند دەدرێت.




## وێستگەی کەشناسی لە پەنجەکانتدا

حەز دەکەی بزانی کەش و هەوای دەوروبەر چۆنە، کەش و هەوا بەتایبەتی شـارە گەورەکان وەك گرفتێکە بۆ دانیشتوانی، چونکە زۆربوونی رێژەی دوکەڵی ئۆتۆمبێل و کارگەکان تا رادەیەك ژیانی دانیشتوانی شاری ناخۆش کردووە، زۆر جار دانیشتوانی شارە گەورەکان بۆ هەڵمژینی هەوایەکی پاك دەچنـە دەرەوە. ئامێری TZOA ئەو ئامێرەیە کە بەهۆی هەسـتەوەرەکانی دەتوانرێت رێژەی هەوای پیس، رووناکی، شـێ و نم و رێژەی گازی UV بزانرێت. ئامێرەکە زانیارییەکان کۆ دەکاتەوە بۆ ئەپلکەیشنێك کە لەسەر مۆبایل یا تەبلێتە بەرِێ دەکات و بە بەکارهێنەرەکەی دەڵێت کە کەش و هەوا مەترسـیدارە یان بێ مەترسییە، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە نەخۆشی کۆ ئەندامی هەناسـەدانیان هەیە. هەروەها بەهۆی نەخشەیەك کە تایبەتە بە ئامێرەکە پێت دەڵێت کە ئێستاکە چ شوێنێك گونجاوە بۆ مانەوە.

## وێنەکانی مۆبایل بە زیندوویی ببینن

هێشتا تەلەڤزیۆنە سێ رەهەندییەکان بەتەواوی پەرەیان نەسەندووە و گشتگیر نەبوونە، کە ئامێرێکی تایبەت بە سێ رەهەندی رەنگە مەترسی بۆ پەیدا بکات، ئەویش ئامێری holus. ئامێرێك کە گیانێکی زیندوو دەبەخشێتە وێنەکان و دەیانکات بە هۆلۆگرامی سێ رەهەندی.


حەز دەکەی وێنە و ڤیدیۆیەکان و تەنانەت پرۆگرامەکانی سـەر مۆبایلەکەت بە شـێوەی سـێ رەهەندی زیندوو ببینی. بە ئامێری holus ئەم کارە بە ئاسانی ئەنجام دەدرێت. تەنیا ئەوەندە بەسە کە ئامێرەکان پێکەوە بلکێنە و پاشان بەئاسانی گشت پرۆگرام و وێنەکانی سەر مۆبایلەکەت بە شـێوەی هۆلۆگرامی سـێ رەهەندی دەبینی. لەوەش سەرنج راکێشتر ئەوەیە کە چەند هەستەوەرێکی تێدایە کە وێنە و هۆلۆگرامە سێ رەهەندییەکان لەگەڵ بەکارهێنەرەکە دەسوورِێنێ و وێنەکان ئەوەندە بە زیندوویی دەبیندرێن کە بەکارهێنەر وا هەسـت دەکات بەرجەستەن و دەتوانێت دەستیان لێبدات.





# ـــــــک بەقەدمۆبایلێک

شـــوێنی دانانی هێدفۆنیشـــی هەیە. بەهۆی ئەو ئامێرەوە دەتوانیت دەنگێکی زۆر باش بەبێ خشـــە و دەنگی زیادی ببیسی. هەرچەندە پرۆگرامی ئەمپلی فایر لەسەر لاپتۆپ هەن بەڵام جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان ئەو ئەمپلی فایلە و پرۆگرامەکانی ئەمپلی فایەر بۆ ئەوەی کە گەرمیش دانایەت رووکەشەکەی لە ئەلۆمینیۆم دروستکراوە.



# سپیکەرێک بۆ نێو گەرماو

دەڵێن ئەوەی لە گەرماو گۆرانی بڵێت، هونەرمەندێکە بۆخۆی، ئەدی ئەگەر هونەرمەندێکی دەنگخۆش لە گەرماودا گۆرانی بڵێت، دەبێ چ دەنگ و ئاوازێکی هەبێت! ســـپیکەر، یان بڵندگۆی جۆری UE Roll ئەو ســـپیکەرەیە کە بۆ ناو حەمام گونجاوە و دەکرێت لە کاتی خۆشووشتندا گوێ لە گۆرانییەکی خۆشیش بگری. سپیکەرەکە شوێنی دوو کێبڵی USB ی هەیە جگە لەوەش لە ئاســـت بەرکەوتندا زۆرخۆراگرە، کێشی سپیکەرەکە ٣٤٠ گرامە ســـتایلەکەی زیاتر وەك قاپێکی نانخواردن دەچێت تا سپیکەر، کۆمپانیای بەرهەمهێنەری ســـپیکەرەکە رایدەگەیەنێت کە دەکرێت بە ســـپیکەرەکەوە مەلە بکەی و بچییە ناو قوڵایی روباریش. باترییەکەی هەتا ٩ کاتژمێر دانابەزێت، لەوکاتەی کە لە سیســـتەمی وایەرلەیس سوود وەردەگری دەتوانرێت هەتا ٢٠ مەتریش لە سپیکەرەکە دوور بکەویەوە.



# بتڵی ئاوی هۆشمەند هەست بە تینوویەتی بەکارهێنەرەکەی دەکات

هەموو شـــتێك بۆتە دیجیتالی و هۆشمەند، ئەگەر وا بڕوات پێدەچێت تەنیا مرۆڤەکان هۆشمەند نەبن و ئیدی لەمەولا مرۆڤ ببێتە ئامێر! ئاخر لەم سەردەمەدا کاتێك کە خەریکی نانخواردنی قاپی نانخواردنەکەت پێت بڵێت بەســـە چیتر مەخۆ قەڵەو دەبی، یان بتڵی ئاو هەست بە تینوویەتیت بکات چیتر دەمێنتەوە.

بەڵێ بتڵە ئاوێك بەرهەم هاتووە کە هۆشـــمەندە، ناوی بتڵەکە HIDRATEME بەهۆی هەســـتەوەرێك کـــە تێیدایە و هەروەها پرۆگرامێك کە دەچێتە ســـەر مۆبایلە هۆشمەندەکان هەست بەوە دەکات کەی تینوویت دەبێـــت و چەندە ئاو دەبێ بخۆیەوە. بتڵە ئاوەکە بەپێی جەستەی بەکارهێنەکەرەکەی و هەروەها چۆنییەتی شـــوێنەکە وەك شێداری و ســـاردی و گەرمی بەکارهێنەرەکەی ئاگادار دەکاتەوە.




## گوگل و وێنەی سێ

گوگل نوێترین سیستەمی سێ ڕەهەندی خۆی خستەڕوو کە بریتییە لە گرتنی فیلمی سێ ڕەهەندی پانۆرامایی، ئەم سیستەمە بەناوی Jump ناسراوە و پێکهاتووە لە ستاندێك کە 16 کامێرای جۆری sgopro

# پرۆگرامێک بۆ گۆڕینی فۆرماتە ڤیدیۆییەکان

گەلێك پرۆگرام هەن بۆ گۆڕینی فۆرماتە ڤیدیۆییەکان، چەندی جارێکیش لە ناساندنی پرۆگرامەکاندا پرۆگرامی لەم شێوەیەیان باسکردووە، یەکێك لەم پرۆگرامانە، پرۆگرامی Aiseeosoft total videw converter، ئەم پرۆگرامە دەتوانێت فۆرماتی زۆربەی فایلەکانی دەنگ و ڕەنگ بگۆڕێت بۆ ئەو فۆرماتەی کە مەبەستتە. فایلەکان دەتوانی بکەی بە فۆرماتی مۆبایل، یان پلەیەری ماڵەوە. تایبەتمەندییەکی گرنگی ئەو پرۆگرامە گۆڕینی فۆرماتی D2 و D3یە کە کەمتر پرۆگرامێك ئەوەیان هەیە. بەگشتی نزیکەی 120 فۆرمات دەگۆڕێت بە SD و HD. دەتوانیت هەر لە پرۆگرامەکەدا دەستکاری فایلە ڤیدیۆییەکە بکەی و چەندین فیلم تێکەڵ بەیەك بکەی.







## کامێرایەکی چاودێری زۆر تایبەت


گۆگل سنووری کارو ئەرکەکانی فراوانتر دەکات و لەم دواییەدا کۆمپانیای Dropcam کڕیوە کە تایبەتە بە کامێرا چاوەدێرییەکان کڕیوەتەوە. لەم دواییەدا نوێترین کامێرای چاودێری بەرهەم هێناوە کە بە کامێرای nest cam ناسراوە. ئەم کامێرایە وایەرلەیسە و بە بلوتوس لەگەڵ ئامێرەکانی وەك مۆبایل و تەبلێت و کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت. ئەم کامێرایە وێنەکان بە کوالیتی زۆر بەرز واتە بە فول ئیچ دی دەگرێت و تەنانەت وردەکارییەکانی سەر وێنەیەکیش دەبیندرێن. بۆ چاودێری کردنی کامێرا چاودێرییەکە پێویستی بە پرۆگرامێکی تایبەتە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت: ئایا هیچ ڕێگەیەك هەیە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە فایلەکانی PDF دەستکاری بکەم و ئاڵوگۆڕیان تێدا بکەم؟**

خوێنەری بەڕێز، لە ڕاستیدا فایلی PDF وەك جۆرێك لە وێنەیان لێدێت، بەڵام هەندێك پرۆگرامیش هەن کە دەتوانن جارێکی دیکە فایلەکانی PDF بکەنەوە و بتوانرێت دەستکارییان بکەی، واتە لێی کەم، یان زیاد بکەی. یەکێك لەم پرۆگرامانە، پرۆگرامی PDF Eraserـە، بەهۆی ئەم پرۆگرامەوە دەتوانی بە ئاسانی فایلەکانت بکەیتەوە. ئەو فایلەی کە مەبەستتە ڕایبکێشە ناو پرۆگرامەکە، ئەوکات فایلەکە دەبێتەوە و دەتوانی دەستکاری بکەی.



## ڕەهەندی پانۆرامایی

پێوە بەستراوەتەوە، بە هۆی جامپەوە هەموو گۆشەکان دەبینـــی. کاتێك کە وێنەکە دەگری google jump ئەرکی ئەوەیـــە کە هەر 16 وێنەکە پێکەوە ببەســـتێتەوەو لە یەك وێنەدا کۆیان بکاتەوە.

## یەکەمین هارددیسکی دە ترابایتی




هەڵگرتن و ڕاگواستنی فایل و داتاکان گرنگییەکی زۆری هەیە، چەند ئامراز هەن بۆ هەڵگرتن و ڕاگواســـتنی داتاکان وەك فلاش میمۆری، DVD و هاردیسك...تاد. گرنگترینیان هارددیســـکە. چونکە هـــەم درەنگ تێکدەچێ و هەم هەڵگرتنی و ڕاگواســـتنی داتاکان لە هارددا گەلێك زۆرە.

بەم دواییـــە کۆمپانیـــای HGST یەکەمین هارددیسکی جیهانە کە هەڵگرتن و ڕاگواستنی داتـــاکان لـــەودا گەلێـــك زۆرە، دە ترابایت. ئەمە یەکەمین هارددیســـك خێرای جیهانە کە قەوارەکەی ئاوا زۆر بێت.

هاردیســـەکە بەناوی Ultrastar Archive Ha10 ناسراوە. ســـایزی هارددیســـکەکە 3.5 ئینجە. خێرایی خوێندنەوەی زانیارییـــەکان لـــەو هارددیســـکەدا 157 میگابایـــت لـــە چرکەیەکدایە. بـــەڵام خێرایی خەزن کردن کەمترە و تەنیا 68 میگا لە چرکەیەکدایە. هارددیسکەکە شوێنە بۆشەکەی بە گازی هلیۆم پڕ کراوەتـــەوە. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە خێرایی و هەڵگرتنی داتاکان لەم هاردەدا بگاتە ئەم ڕێژەیە.



## جێ سویچی جۆکەر و چەند کارە

هەموو شـــتێك لە ســـەردەمی بە دیجیتالی بوونی کۆمەڵگادا گۆڕانی بەسەردا دێت، تەنانەت جێ ســـویچی ئۆتۆمبێلیش. ڕاستە چەند ساڵێکە جێ سویچییەکان زۆربەی ئەرکەکانی ئۆتۆمبیل ئەنجام دەدات، بەڵام جێ سویچی CulCharge جگە لەم ئەرکانە زۆر ئەرکی دیکەش ئەنجام دەدات، وەك ئەوەی کە پاوەر بانکە بۆ شـــەحنکردنەوەی مۆبایلەکان. جگە لەوەش پۆرتێکی USB تێدایە دەتوانێت وەك هێڵێکی پەیوەندی لە نێوان کۆمپیوتەر و تەبلێتدا و بەهۆیەوە دەتوانرێت فایل و داتاکان بۆ یەکتر بگوازرێنەوە.



## سایتێک بۆ دۆزینەوەی ئاواز و گۆرانیی فیلم و دراماکان

زۆر جاران لەکاتی دیتنی درامایەك، یان فیلمێك ئاوازێك یان گۆرانییەك بڵاو دەبێتەوە، حەز دەکەین تێکستی گۆرانییەکە بزانین، بزانین ئاهەنگەکە کێ دایناوە، کاتێك لە گوگڵ -یشدا بەدوایدا دەگەڕێین و ناتوانین بگەین بە ئامانج، بەڵام سایتێکتان پێدەناسێنین کە تایبەتە بە دۆزینەوەی ئاواز و تێکستی گۆرانی ناو فیلم و دراماکان.. ئەویش ســـایتی TuneFind لەم سایتەدا ســـەرەڕای دۆزینەوەی ئاوازەکە، ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەیەکیشی لەسەر گۆرانییەکە تێدایە